وێنەیەکی تەرجەمەکراوی
دەقە عەرەبییەکەیە

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی - عێراق**
**ژمارەی دەرهێنان:44**
**رۆژی دەرهێنان: 2004/11/4**

پشت بە حوکمەکانی برگە(1)ی ماددەی (56)و، ماددەی (53)لە یاسای ژمارە(1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992و، لەسەر داوای وەزیری تەندروستی وکاروباری کۆمەڵایەتی و رەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران و، ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عیراق، لە دانیشتنی ژمارە(51)ی رۆژی(2004/11/3)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو سەلاحییاتەش کە برگە (3)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە(10)ی ساڵی 1997پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

**یاسای ژمارە(44)ی ساڵی 2004**

**یاسای دووەم هەموارکردنی یاسای ژماە (8)ی ساڵی 1999ی**

**سەندیکای دەرمانسازان**

**ماددەی یەکەم:**

پێناسەی (دەرمانساز)کە لە ماددەی یەکەمی یاساکەدا هاتووە هەمواردەکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(دەرمانساز: هەر ئەندامێ لە ئەندامانی سەندیکاکەیە، بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە دەرمانسازیدا یان هاوتای ئەو بڕوانامەیەی لە یەکێ لە زانکۆکانی عیراق یان لە هەر زانکۆیێ، لایەنی پسپۆڕی هاوتاکردنی بڕوانامەکان ددانی پێدا نابێ، وەرگرتبێ).

**ماددەی دووەم:**

بڕگەی (چوارەم)لە ماددەی سێیەمی یاساکە هەمواردەکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(چوارەم: هاریکاری لەگەڵ دەستەو دامەزراوو کۆمەڵەو سەندیکاکانی دی، لەناو هەرێم و لە دەرەوەی هەرێمیشدا کە ئامانجەکانیان بەپێی یاساگەلی بەرکار، لەگەڵ ئامانجەکانی سەندیکاکەدا یەك دەگرنەوە).

**ماددەی سێیەم:**

بڕگەی (سێیەم) لە ماددەی چوارەمی یاساکە هەمواردەکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(سێیەم: بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە دەرمانسازیدا وەرگرتبێ).

**ماددەی چوارەم:**

بڕگەی (5) ی ماددەی هەشتەمی یاساکە هەمواردەکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(5-ئەو دەرمانسازەی لەسەر میلاکی زانکۆ دامەزراوە، پاش تێپەڕبوونی سێ ساڵ بەسەر خزمەتکردنی لە زانکۆکەدا، دەشێ دەرمانخانەیێ یان کۆگای دەرمان بۆخۆی بکاتەوە، مافی ئەوەشی هەیە، لەو ماوەیەدا تەنها بەرپرسێتیی دەرمانخانە یان کۆگای دەرمان وەربگرێ).

**ماددەی پێنجەم:**

ماددەی نۆیەم لە یاساکە ئیلغادەکرێ و، ئەمەی خوارەوە دێتەجێی:

(ماددەی نۆیەم:

یەکەم: دەرمانسازێ، ماوەی پلە بەپلەی پزیشکیی تەواوکردبێ، مافی خۆیەتی، پاش دەوامی رەسمی، دەرمانخانەیەکی ئەهلی یان کۆگای دەرمان بکاتەوە.

دووەم: دەرمانسازێ ماوەی مەشقی تەواو کردبێ، مافی خۆیەتی دەرمانخانەیەکی ئەهلی یان کۆگایەکی دەرمان لەو قەزاو ناحیانەدا کە ئیشی تێدا دەکا، بکاتەوە.

**ماددەی شەشەم:**

ماددەی یازدە لە یاساکە ئیلغادەکرێ و، ئەمەی خوارەوە دێتەجێی:

(ماددەی یازدە:

دەرمانساز، ئەم شەرتوشروتانەی هەبێ، ئیجازەی کردنەوەی دەرمانخانەی پێ دەدرێ:

1-ناوی(عنوانی)دەرمانخانەکەی.

2-گرێبەستیی کرێگرتەیی، لەلایەن دایەرەی باجی عیقارەوە تەئییدکرابێ.

3-ناوە بازرگانیەکەی، لەلایەن ژووری بازرگانیەوە تەئییدکرابێ.

4-بە مەرجێ رووبەرەکەی لە (20)مەتری چوارگۆشە کەمتر نەبێ و، رووکارەکەشی لە (5ر2)دوومەترو نیو کەمتر نەبێ.

5-دەبێ لە هەموو لایەکیەوە، نزیکترین دەرمانخانە لە سی مەتر لێیەوە دوور نەبێ.

6-ئەگەر دەرمانسازەکە فرمانبەربوو، دەبێ دایەرەکەی موافەقەت بکات.

7-کاتی رووخان، یان سووتان، دەشێ دەرمانخانەکە، بە هەمان ئیجازەکەی خۆیەوە بگوازێتەوە بۆ جێگایەکی دی لە هەمان ناوچەداو بە هەمان شەرتوشروت، تەنها مەرجی دووریی لێ دەرچێ، تا دەگەڕێتەوە بۆ جێگا ئەسلێیەکەی خۆی یان بەپێی شەرت وشروت دەرمانخانەیەکی دی دەکاتەوە.

**ماددەی حەوتەم:**

برگەی، أ-2 لە ماددەی بیستی یاساکە هەمواردەکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(2-پێشکەشکردنی پێشنیاز بۆ هەمواركردنی یاسای سەندیکاکە).

**ماددەی هەشتەم:**

ماددەی بیست ودوو لە یاساکە ئیلغادەکرێ و، ئەمەی خوارەوە دێتەجێی:

(ماددەی بیست ودوو:

1-لیژنەی زەپتی لە سەرۆکێك و دوو ئەندام و ئەندامێکی یەدەگ پێك دێت، بە مەرجێ خزمەتی هەر یەکەیان لە پیشەکەی خۆیدا، لە (7)حەوت ساڵ کەمتر نەبێ.

2-ئەم لیژنەیە تایبەتە بە سەیرکردنی هەموو ئەو سەرپێچییانەی، دەقەکانیان لەم یاسایەدا هاتووەو، لەو دەعواو شکاتانەش دەپێچێتەوە کە ئەنجومەن بۆی هەواڵە دەکا.

3-لیژنەی زەپتی هەمان ئەو رێسایانە دەگرێتەبەر کە لە یاسای زەپتی فرمانبەرانی دەوڵەتدا هاتووەو، دوای ئاڕاستەکردنی وریاکردنەوە(التنبیه)ش بۆی هەیە سەڵاحییەی سەپاندنی ئەم سزایانەی خوارەوەش بخاتەکار:

أ-ئیلفات نەزەر.

ب-ئینزار.

ج-داخستنی دەرمانخانەکە یان کۆگاکە بۆ ماوەیەك لە (3)سێ رۆژ کەمتر نەبێ و لە (7)حەوت رۆژیش نەترازێ. ئەگەر هاتیش و سەرپێچییەکەی دووبارەکردەوە، ئەوە، لەو بارەدا، دەرمانخانەکە یان کۆگاکە بۆ ماوەی(15)پازدە رۆژ دادەخرێ و بەشی مانگێکیشی لە داودەرمانی دەرمانخانەکەی لێ دەبەسترێ.

**ماددەی نۆیەم:**

ماددەی بیست وهەشتی یاساکە هەمواردەکرێو، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

(دەشێ، دەرمانساز، دوای وەرگرتنی ئیجازە لە وەزارەت و موافەقەتی سەندیکا، تاقیگەیەکی شیکارکردنی نەخۆشییەکان بکاتەوە، لەجیاتی دەرمانخانە یان کۆگا).

**ماددەی دەیەم:**

ئەنجومەنی سەندیکا بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ بەرکارخستنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربهێنێ.

**ماددەی یازدە:**

حوکمەکانی بڕگە(5)ی ماددەی شەشەم، ئەو دەرمانخانانە ناگرێتەوە کە پێشتر تا ڕۆژی بەرکارخستنی ئەم یاسایە، وجودیان هەبووە.

**ماددەی دوازدە:**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایەبێت، ناخرێتە بەرکار.

**ماددەی سیازدە:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە بخاتە بەرکار.

**ماددەی چواردە:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان)دا دەخرێتە بەرکار.

**کمال عبدالکریم فؤاد**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانی**
**کوردستانی-عیراق**